# با هەموو ئازادیخوازان پێکەوە دژی دوژمنانی (عەشق)و (خۆشەویستی) بێینە مەیدان!

**ئالا فەرەج**
ala_faraj@yahoo.com

**دوعا کچە لاوێکی تەمەن 17سال لە شارۆچکەی بەعشیقەی نزیك شاری موسل ئەژیا ، بە دەلیلی ئەوەی کوریکی خۆش ویستوە ، لەلایەن چەند کەسانیکی تا سەر ئیسقان دواکەوتوو وە دژ بە مافە هەرە سەرەتاییەکانی ژنان و لاوان، لە بەرواری 7ی مایسی 2004دا بەدار و بەرد و بلۆك تا دوا هەناسەی شیرینی ژیانی بەبەرچاوی کۆمەلیك کەسانی نزیکی خۆی و بەبەرچاوی دەسەلاْتدارانی شارۆچکەی بەعشیقەدا ، ئەیکوژن.....**

**بەراستی لە عیراقێکدا کە بۆتە مەیدانی شەری کیشمە کیشی هەموو لایەنیکی سەردەمی خورافەو دواکەوتوویی ئیسلامی سیاسی،شەری ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب ، شەری تایفە و عەشیرەتە جۆراوجۆرەکان، کۆمەلگایەك کە دیاردە جوان و ئینسانیەکانی تیا قەدەغە ئەکرێت، هەستی ئینسانی گۆرینەوەو خۆشەویستی و عەشق تیایدا قەدەغە ئەکرێت ولە شوێنی ئەمانە کوشتن و سەربرین و بەردبارانکردن و کاری تیرۆری رێگای پێئەدرێت، چەند مێژوویەکی پر شەرمەزارییە بۆ ئینسانی ئەم سەردەمە کە رووداویکی ئاوا بێویژدانانەو بێحورمەتییەك کە بە هەستی پاکی ئینسانەکانی ئەم سەردەمە ئەکرێت مەگەر هەر لە میژووی ئەمرۆی حوکمرانی عیراقدا جێگەی بێتەوە ،**

**ئەم دیاردەیە لە شارۆچکەیەکی نزیك شاری موسل دژ بە م کچە بێتاوانەساز ئەکریت و بەبەرچاوی دەسەلاتدارانەوە ئەنجام دراوە، جا ئەو دەسەلاتەی ریگە بەمە ئەدات ، ئەگەر ئیسلامی سیاسییە، ئەگەر دینی یەزیدە کە چەند جار دەسەلاتدارانی حکومەتی یەکیتی و پارتی بە شانازییەوە باس لە وجودی ئەم دینە گەندەلە ئەکەن، ئەگەر دەسەلاتی پارتی و یەکیتییە ، ئەوە خودی ئەم دەسەلاتانەیە کە زەنگیکی خەتارناکی داوە بە گویی کۆمەلگای عیراقدا ئەویش کۆپی کردنی سەنگەساری کچان و ژنانە لە وولاتە ئیسلامییەکانی وەك جمهوری ئیسلامی ئێران کە دەسەلاتیك تیایدا حاکمە بە خوینی ئینسانە عاشقەکانی کۆمەلگا تینوە ،دەسەلاتیك کە بە دیاربوونی لاشەی ژنان و پیچانەوەی جەستەی ژنان ناوی لە میژووی ئیراندا مۆر کردوە ، ئەبیت ئەم کۆپی کردنەی یاسای جمهوری ئیسلامی ئیران ، هیچ مەجالیکی لە یاسای عیراقدا پیێ نەدریت، نابێت ریگە بدریت ئەم چەشنە تاوانانەی دژ بە ئاسایی ترین مافی لاوان ئەکرێت دووبارە بێتەوە و تاوانبارانی ئەم رووداوە ,و هەموو ئەو کەسانەی لەپشتی ئەم پلانە گەندەلە بوون لە کوشتنیئەم ئینسانە بیێ تاوانەدا ئەبێت لەزووترین کاتدا دادگایی بکرێن و سزای توندی خۆیان وەربگرن..**

**ئەرکی هەموو ئینسانیکی ئازادیخوازو پیشکەوتوخوازی کۆمەلگایە دژ بە ئەوانەی دیفاع لە ناموسپەرستی و کوشتنی ژنان ئەکەن ، خەباتی خۆمان دژ بەم دینە بۆگەنانە توند تر بکەینەوە تا سەپاندنی یاسایەکی مۆدیرن کە کوشتن و لوت برین و بەردبارانکردنی کچان و ژنانی تیادا قەدەغە بکرێتولە جیگایدا یاسای جیایی دین لە دەولەتی تیادەستەبەر بکرێت ,....**

**بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو**

**ئالاّ فەرەج**

**ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق – نوینەری فنلاند**